## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٩٥) لە ٢٠٢٣/٢/١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو و، پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠١) لە ١ی شوباتی ٢٠٢٣، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی بنەما سەرەکییەکانی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی کە لەلایەن بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەکان بەوەکالەت خرایەڕوو بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراو.

٢. ڕاسپاردنی شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان، هەروەها وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بنەما پەسەندکراوانە لە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە ئاڕاستەی پاراستنی ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**